**ئامینە کاکە باوە کاندیدی پارتی چەپ بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی سوید:**

# بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا گۆڕانکاری بکرێت پێویستە کۆمەڵگەیەکی سیکولار پێک بێت و ئاین لە دەوڵەت جیا بکرێتەوە



دیمانە: نامق هەورامی

دەکرێت مرۆڤ خوازیارو داکۆکیکەری مافی نەتەوەکەی بێت و لەدەرەوەی ئیلتیزامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی یان دەکرێت لەنێو بازنەی کارەکانیدا هەندێک ئەولەویات بداتە ئەو پرسە چارەنووسسازانەی کە وەک پرەنسیبی خەبات و وەک ئارمانجی کارکردنی بەردەوام.

ئامینە ئەو مرۆڤەی وەک مێر منداڵێک تەڤلی کاروباری سیاسی بوو دواتر پێشمەرگەو، سەردەمێک ئاوارەیی و ئێستا وەک چالاکێکی سیاسی و بوارەکانی ئازادی تاکەکەس و ئافرەتان و کۆمەڵگەی مەدەنی کاردەکات.

ئەو لە ماوەیەکی کورتدا لەنێو ڕیزەکانی پارتی چەپی سویدی خۆی بینییەوە و لەوێوە بە شێوازێکی مۆدێرنتر و قوڵتر لە ڕوانینەکانی پێشووی دەستی دایەوە چالاکی، ئێستا ئامینە لەزۆر بۆنەدا وەک یەکێک لە وتەبێژە فەرمییەکانی پارتی چەپ دەردەکەوێت و کاندیدی پارتەکەیەتی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سویددا بۆ پەرلەمانی ئەو وڵاتە و ئەرکی ڕەوەندی کوردە لەدەرەوە بەتایبەتی لە سوید پشتیوانی ئەم خانمە بکەن.

بۆ زیاتر ناساندن و ئاشنابوونی خوێنەران بە بیروڕاکانی ئەم خاتونە و هەندێک پرسی تایبەت بە تێڕوانینی پارتی چەپ و حکومەتی سوید لەمەر خواستەکانی کورد و دواتر مەسەلەکانی ئازادی و مەسەلەکانی ژنان تەوەری ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ خاتوو ئامینە کاکە باوە سازدا.

*** ئامینە کێیە؟**

– خەلکی شاری سەقزی کوردستانی ڕۆژهەڵاتم، ئێستا لەشاری ستۆکهۆڵم لە وڵاتی سوید دەژیم. منداڵ بووم کاتێ کە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران دژ بە ڕژێمی شا دەستی پێکرد لە ساڵی ١٩٧٩. هەر لەو کاتەوە من تیکەڵ بە سیاسەت بووم و ڕیزەکانی کۆمەڵەم هەڵبژارد لەبەرئەوەی تاکە حیزبێک بوو کە دیفاعی لە مەسەلەی ژنان و منداڵان و مافی مرۆڤ و خەڵکی هەژارو زەحمەتکێش ئەکرد. پاشانیش هەر لە تەمەنی لاویدا بووم بە پێشمەرگە. لە ساڵی ١٩٩٢ بووم بە پەنابەری سیاسی لە وولاتی سوید، هەر لە سەرەتای هاتنمەوە دەستم کرد بە خوێندن شان بە شانی چالاکییەکانم لە بواری مافی مرۆڤ و مافی ژنان. لێرەدا لە خویندنی سەرەتاییەوە دەستم بە خوێندن کرد تا ٢٠٠٢ بەکالۆریۆسم لە تۆژینەوەی کۆمەڵناسی بەدەستهێنا و پاشانیش ماجستێرم لە فەلسەفەی کۆمەڵناسیدا وەرگرت. ئێستاش وەک بەرپرسی پرۆژەیەک کار دەکەم کە لە کێشەکانی ژنان و لاوانی پەناهەندەی سوید دەکۆڵێتەوە هەروەها ئەو کێشانەش کە دژ بە ستەمی جنسی و کوشتنی شەرەفە.

*** سوید لە سیاسەتی نێو دەوڵەتیدا ڕۆڵی گەورەی هەیە، سوید وایکرد کە ئەمەریکا لە ڤێتنام بکشێتەوە، ئایا دەتوانێ لە عێراقدا ئەو ڕۆڵە بگێڕێت لە گێڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان؟**

– سوید لە سەردەمی شەری ڤێتنامدا سیاسەتیکی جیاوازی هەبوو بە بەراورد لەگەڵ ئێستادا، لەو سەردەمەدا سۆسیال دیموکرات حزبێکی چەپ و ڕادیکاڵ بوو سەرەک وەزیرانەکەی کە ئۆلف پالمە بوو یەکێک بوو لەوانەی کە گەورەترین خۆپیشاندانی سازدا لە سوید دژ بە ئەمەریکا، نەک تەنیا بۆ دیفاع لە خەڵکی ڤیەتنام بەڵکو چالاکی گەورە دەکرا بۆ دیفاع لە خەڵکی ئەفریقا و شیللی دژ بە سیاسەتی پینۆشێە.لە پاش نەمانی شەڕی ساردو ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات سیاسەتی هەموودنیا گۆڕا، سویدیش یەکێ لەو وڵاتانە بوو کە کەوتە ژێر کاریگەری ئەو گۆڕانکارییانە، بە تایبەت دوای تیرۆر کردنی ئۆلف پالمە سوید بە تەواوەتی سیاسەتی خۆی گۆڕی، پێشتر ئەمەریکاو وڵاتانی تری ئەورووپا هەموو چاویان لە سوید بڕیبوولەبەرئەوەی ئەو سیاسەتەی کەئۆلف پالمە گرتبوویە بەر بۆ دابین کردنی ئاسایش وڕەفاهیەت بۆ وڵاتەکەی کە تا ئێستاش ئەتوانین بلێین سوید لەو بارەیەوە بە یەکێ لە باشترین وڵاتانی ئیسکەندەنافیا و ئەورووپا دادەنرێ، ئەوە وایکرد کە وڵاتانی دژ بە سۆسیال دیموکرات بوون سویدیان بە خەتەرێکی گەورە دادەنا کە پشتیوانی لە بلۆکی شەرق دەکا.

# پارتی چەپی سوید باوەڕی بە مافی چارەی خۆنووسین هەیە بۆ خەڵکی کوردستان

ئێستا کاتێ کە سوید ئیدیعای ئەوە ئەکا کە وڵاتێکی بێلایەنە ئەوە هەر لەسەر کاغەزە، چونکە لە ڕاستیدا سیاسەتی سوید ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بە لای ڕاستدا دەڕوا بۆ نموونە پەیوەندی سوید لەگەڵ ئەمەریکا و ئیسرائیل تا دێ پتەوتر دەبێ هەرچەندە خۆیان دەڵێن ئێمە هاوکاری ئیسرائیل ناکەین بەڵام تەنیا بە فرۆشتنی چەک بە ئیسرائیل ئەم ئیدیعایە پووچەڵ دەکاتەوە، ئەم ڕوون کردنەوەیە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە ئایا ڕۆڵی سوید چییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ؟ لەبەر ئەوەی زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ نموونە ئێران و زۆربەی وڵاتانی عەرەبی لە ژێر کاریگەری ئاینی ئیسلامدان و شەریعەتی ئیسلام بنەمایە بۆ دارشتنی سیستمی حوکم وکۆمەڵگە و بنەماڵە، ئەوە بووەتە هۆی ئەوەی کە هەزارەها کێشەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری وتەنانەت کێشە لەنێوان مەزهەبە جۆراوجۆرەکانیش دروست بێ. لێرەدا من بۆیە ئاماژە بە دەوری مەزهەب دەکەم لەبەر ئەوەی کاریگەری زۆری هەیە بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتووخوازی وەک سوید. بۆ نموونە ئەو کارەساتانەی کە بەسەر خەڵکی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتووە وەک خەڵکی فەلەستین وکوردستان گەر بەراوردی بکەین لەگەڵ کارەساتەکانی شیللی بۆ نموونە، کارەساتەکان تا ڕادەیەک لە یەک دەچن بگرە ئەوەی کە بەسەر خەڵکی کوردستان هاتووە پڕ مەینەتتر و پڕئازارترە، کەچی کاتێ کە لە خەڵکی سوید و سیاسەتمەدارانی سوید دەپرسی ئایا بۆ هەمان هەڵوێست ناگرنە بەر و هەمان هاوکاری ناکەن کە بەو وڵاتانەی دەکەن بەداخەوە وەڵامیان ئەوەیە کە خەڵکی شیللی و ڤییەتنام ناموسڵمانن بۆیە لەگەڵیاندا هاوسۆزن. بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە میدیای ڕۆژئاوا میدیایەکی لیبراڵە ئەو کارەساتانەی کە ڕاستەوخۆ بە دەستی ئەمەریکا بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتانە هێنراوە لە وڵاتێکی وەک سویدا زۆر زەق دەکرایەوە بەڵام کاتێک کارەساتێکی هەمان شێوە بۆ نموونە لە کوردستان یان لە فەلەستین ڕوودەدا بۆ نموونە ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە، ئەگەر خەڵکی کورد لێرە باسیان نەکردایە و نەیانوروژاندایە کەس پێی نەدەزانی، ئێستاش زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی سوید ئاگاداری ئەو کارەساتانە نین. لەبەر ئەم هەموو هۆیانە، من پێمواییە دەوڵەتی سوید نە دەیەوێ نەش دەتوانێ دەوری هەبێ لە ڕووداوەکانی عێراق و کوردستاندا یان ئەوەی کە بتوانێ دەوری هەبێ لە گێڕانەوەی کەرکووک بۆ کوردستان.

من وەکو ئەندامێکی پارتی چەپی سوید باوەڕی بە مافی چارەی خۆنووسین هەیە بۆ خەڵکی کوردستان و باوەڕی وایە کە خەڵکی چەوساوەی کوردستان دەبێ بە خەباتی خۆیان ئەو مافە بەدەست بهێنن. هەڵبەتە کۆمەڵەش وەک حیزبێکی چەپ و ڕادیکاڵی کوردستان دەمێکە ئەو مافە ڕەوایەی بۆ خەڵکی کوردستان بە ڕەسمی ناسیوە. هەرچەندە خەڵکی کوردستان دەیان ساڵە خەبات دەکەن بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی خۆیان هەروەها لەڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ٩١ توانییان ڕژێمی بەعس لە کوردستان وەدەرنێن وهەلێکی باشیان بۆ ڕەخسا کە حکوومەت دامەزرێنن و حکوومەتەکە پشت بە خۆی و خەڵکی کوردستان ببەستێ و ئۆپنیۆن دروست بکا و جەماوەری خەڵکی کوردستان بە مافەکان و ئەرکەکانی خۆیان ئاشنا بکا، کەچی بە داخەوە پاش چەندین ساڵ لە کێشەی ناوخۆی حیزبەکان وشەڕی دەسەڵات پشتیان بە ئەمەریکا و هاوپەیمانانی بەست.سەبارەت بە کێشەی کوردیش ئەم کێشەیە تەنیا تایبەت بە باشوری کوردستان نییە بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئەمڕۆی باشوورەوە ترس و نیگەرانی ئەووڵاتانەی دەوروبەری گرتۆتەوە کە بەشەکانی تری کوردستانیان لەژێر دەستدایە بۆ ئەوەی بەر لەو چەشنە سەربەخۆییە بگرن کە خەڵکی باشوور بەدەستیان هێناوە. ئەوەشمان بیر نەچێ کە لەو کاتەوە باشووری کوردستان ئەو ئازادییەی بە دەست هیناوە لە بەشەکانی تری کوردستاندا جم و جۆڵێکی بەرچاوی خەڵک دەبینرێ ئەمە وای کردووە کە سەرکوتکردنیش ڕوو لە زیاد بوون بکا بۆ نموونە ساڵی پار خۆپیشاندانەکان و ئیعتیسابەکانی ساڵی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و ئەمساڵیش لە باکووری کوردستان، دیارە پارتی چەپ هەڵوێستی دیاری بوو لەسەر سەرکوتکردنی خەڵکی بێدیفاع و بە توندییش مەحکومی کرد.

*** ئێوە لەزۆر بۆنەدا قسەکەری پارتی چەپی سویدن، لە هەگبەی ئەم پارتەدابە فەرمی چی هەیە بۆ ئایندەی کورد لە کاتێکدا لە باکووری کوردستان نائارامی هەیە، لە ڕۆژهەڵات بەر بە ئازادییەکان گیراوە، لە ڕۆژئاواش ڕەوشەکە لە مێژە لە ژێر فشاری ناسیونالیستی عەرەبیدایە، هەرچی باشووریشە دەستێوەردانی ئێران و تورکیا هەیە، لەو بارەیەوە ئەگەر تێڕوانینی ڕەسمی پارتەکەتان باس بکەن.**

– من پێشتر ئاماژەم بەوە کرد کە خەڵکی کوردستان دەبێ پشت ئەستوور بێ بە هێزی خۆی هەر بەو شێوەیەش دەتوانێ خۆی ڕزگار بکا و بە مافەکانی خۆی بگا. ئێمە چ وەک تاکە کەس چ وەک ڕێکخراوەی بەشەکانی تری کوردستان کە لە پارتەکانی دەرەوەی وڵاتدا چالاکی دەکەین بەبێ ئۆپنیون پێک بهێنین و خەڵکی بە مافەکانی خۆیان هوشیار بکەینەوە کە خۆیان ببنە هێزی ڕزگارکردنی خۆیان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە گرینگە کە ئێمەی چەپ و سوسیالیست لەم وڵاتانە خەبات بکەین بۆ بەدەست هێنانی پشتیوان بۆ خەڵکی کوردستان، بۆ نموونە لە کاتی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر خەڵکی باکوور لە ستۆکهۆڵم خۆپیشاندانێکی گەورەمان کرد و من وەکو خۆم داوام لە پارتی چەپ کرد کە هەڵوێست بگرێ وئەوهێرشەی تورکیا مەحکوم بکا. لە هەمان کاتدا داوامان کرد لە پ ک ک و لایەنگرانی کە شەڕی چەکداری ڕاگرن بۆ ئەوەی چیتر خەڵکی بێ گوناهیا نەچێ چونکە توندوتیژی بە توندوتیژی وەڵام ئەدرێتەوە و ئەو کارانەش لە قازانجی مەسەلەی کوردا نییە و چارەسەری کێشەکە ناکا. هەروەها لە یادی ئەنفالیشدا ئەندامێتی ئێمە لەم حیزبەدا کاریگەری ئەوەی هەبوو کە پارتی چەپ داوای لە FN کرد کە ڕۆژی ٣/١٦ بکرێ بە ڕۆژێکی جیهانی دژ بە بە جینۆساید لە جیهاندا.

*** پرسی ژن یەکێ لە هەستیارترین پرسەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردییە و دیارە لە سوید ئەزموونێکی دەوڵەمەندی لە دیموکراسی و مافی**

## پارتی چەپ یەکەم پارتی سویدی بوو کە پشتیوانی لە مەسەلەی ئەنفال و هەڵەبجە کرد

**ژن هەیە، چۆن دەتوانن ئەو ئەزموونە بگوێزنەوە بۆ باشوور؟**

– ئەوە پرسیارێکی زۆر گرینگە لە هەمان کاتیشدا ئاڵۆزە، لەبەر ئەوەی لەسەر ڕۆشنایی پرسیاری یەکەم ئایدیا ڕێگرێکی گەورەیە لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا بە تایبەت ژن. لەبەر ئەوەی ژن ٪٥٠ کۆمەڵگە پێک دەهێنێ ئەگەر نیوەی جیهان لە نەخوێندەوار و هەژاری و ژێردەستیدا بژین چۆن کۆمەڵگە پێش دەکەوێ؟ ئایا دەتوانرێ لە کۆمەڵگەیەکی ئاوا باس لە دیموکراسیەت بکرێ؟ لە سویددا پاش خەباتێکی دوورو درێژی سەد ساڵی توانرا ئەم مافانە بە دەست بێ ئێستا لێرەئایین دەوری نەماوە، نەخوێندەواری بە تەواوەتی بنبڕ کراوە مافی یەکسانیش تاڕادەیەک بەدەست هێنراوەو ژن لە باری ئابوورییەوە ئازادە و لەسەر پێێ خۆی وەستاوە، کێشەکانی فیئوداڵی و خێڵەکی زیاتر لە سەد ساڵە دەوری نەماوە، بۆیە ئەوەی لێرە بە سەد ساڵ بەدەست هاتووە دووسەد ساڵی دەوێ تا لە وڵاتانی لای خۆمان بە دەست بێ. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا سوید وڵاتێکی سەرمایەدارییە و لە هەر شوێنێکیش سەرمایەداری هەبێ پیاو مەزنی و چەوسانەوە هەیە چونکە بەهرە بەرداری لە هێزی ژنان دەکرێ. بۆ نموونە حقوقی ژن کەمترە لە هی پیاو هەروا ژن لە مەیدانی کاردا وەک سیکس ئۆبجێکت بەکار ئەهێنرێ لە بازاڕدا. بۆیە من پێم وایە بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا گۆڕانکاری بکرێ یەکەم هەنگاو ئەوەیە کە کۆمەڵگەیەکی سیکولار پێک بێ و ئایین لە دەوڵەت جیا بکرێتەوە، هەروەها ئەبێ خەباتێکی چڕوپڕی فێمێنیستی بکرێ وئینقیلابێکی فەرهەنگی و سیاسی بکرێ دژ بە دابونەریتی دواکەوتوو. ئەمانەش بە گۆڕینی یاسا و قانون نابێ واتا گۆڕانەکە لەسەرەوە ناکرێ بەڵکو بە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی دەکرێ واتا دەبێ لە باخچەی ساوایانەوە دەست پێ بکرێ، بۆ ئەمەش پێویستە هێزێکی ڕادیکاڵی فیمینیستی بۆ چەکدار بکرێ بە فەرهەنگێکی فیکری پێشکەوتوو.

نابێ ئەوەشمان بیر بچێ کە لە هەر شوێنێکدا ستەم و چەوسانەوە هەبێ ناتوانی ڕزگاری ژن لە ڕزگاری چینی کرێکار جیا بکەیتەوە چونکە ئەم دوو کێشەیە بەیەکەوە گرێدراوە لەبەرئەوەی سەرمایەداری بە هەمان شێوە کە بەهرەبەرداری لە ژن دەکا هەرواش بەهرەبەرداری لە چینی کرێکاریش دەکا. بەڵام لەبەر ئەوەی ژن ستەمی جینسی لەسەرە زیاتر نەبێ کەمتر لە پیاو ناچەوسێتەوە لە مەیدانی کاردا.جا بۆیە چینی کرێکار هاوپشتیوانی ژنانە لەو خەباتەدا و دەبێ بیری نەچێ کە پشتی ئەو خەباتە بگرێ لە هەر عەرسەیەکدا بێ. من وەکو مرۆڤێکی مارکسیست فێمێنیست باوەڕم وایە کەنە ئازادی نە دیموکراسی و نە ڕزگاری ناگوێزرێتەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بەڵکوهەر ئەوەیە کە چینی چەوساوە و ژنان زەمینە خۆشکەرن بۆ ئەوەی ئەو ئاڵوگۆڕانکارییە پێک بێنن و پێویستیشە لە ئەزموونی وڵاتانی تر سوود وەرگرن.

ئەگەر بشمانەوێ لەسەر ئەوە بدوێین کە ئەو ئەزموونە جێگە بگرێ ئەبێ پێش هەموو شتێ ئازادی تاکەکەسی و دیموکراتی بە ڕەسمی بناسرێ، دەبێ کۆمەڵگە کۆمەڵگەیەکی سکولاربێ و مەزهەب نەبێتە ئایدیولۆژیا و نەگوێزرێتەوە بۆ تاکەکانی کۆمەڵ و بنەماڵە. من باوەڕم وایە کە ئازادی بەیان بە تەواوی مانا هەبێ، چونکە ڕەخنە گرتن مانای وایە کە ئێمە داکۆکی لە ئازادی تاکەکەسی دەکەین بۆ بەرەو باشتر بوونی بارو دۆخی خەڵکی کوردستان، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە ئێستا کۆمەڵگەیەکی هۆلۆستیکە واتا فەرد بۆ خۆی بڕیار نادا بەڵکو بنەماڵە و دەوروبەرو عەشیرەت بڕیاری بۆ دەدەن.

گەربێینە سەر کێشەی ژن، ژن لەناو ئەم جۆرە کۆمەڵگایە نیوەش نییە، بەڵکو هیچ حیسابێکی بۆ ناکرێ، بۆ نموونە ئێستاش یاساکان دژ بە یەکسانییە وەک یاسای دابەش کردنی میرات هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە. لەباری ئابووریشەوە پێویستە ژن ئابوورییەکی ئازادی هەبێ و لە کونجی ماڵ بێتە دەرەوە، لەبەرهەم هێناندا بەشدار بێ بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو لەناوبردنی هەموو جۆرە هەڵاواردنێک بنێ. دەبێ یاساکانی دژ بە ژنان بگۆڕدرێ و یاسای نوێ داسەپێنرێ، ئەو یاسایانەی کە دەبێتە مایەی ئازار و ئەشکەنجە لەسەر ژنان وەک بەزۆر بە شوودان و ژن بە ژن وئازاری جنسیی و بەدەنی. بۆ ئەوەی تاکەکەس خۆی بڕیار بدا دەبێ خەدەماتی ئیجتیماعی دابین بکرێ، بۆ ئەوەی ژن پێویستی بە بنەماڵە و پیاو نەبێ لە باری ئابوورییەوە. بۆ نموونە دابین کردنی باخچەی ساوایان و ماڵی پیران. هەروەها ئەرزشی کاری ژن بەرز بکرێتەوە و ژن لە ماڵ بێتە دەرەوە و دەبێ کاری ماڵ کە ژن ئەنجامی ئەدا و تا ئێستاش ئەرزشی بۆ دانەنراوە ببێتە کارێکی ڕەسمی پیاویش لەو کارانەدا بەشدار بێ. هەروەها لە سیاسەت و لە شوێنی بڕیاریشدا دەبێ بەشدار بێ دەستی ئاوالابێ وبڕیاربدا لەسەر چارەنووسی خۆی وبنەماڵەو کۆمەڵگە

*** لە کرداری شومی ئەنفالدا زۆرێک لەم وڵاتە بوویە سوتماک وکار گەیشتە ئەوەی بازرگانی بە کچانی کوردەوە بکرێت، پرۆژەی پارتەکەتان لەو بارەیەوە چییە ؟**

– پارتی چەپ یەکەم پارتێکی سویدی بوو کە پشتیوانی لە مەسەلەی ئەنفال و هەڵەبجە کرد و بڕیاریشی داکە لە ڕۆژی ٣/١٦ بکرێتە ڕۆژی جیهانی دژ بە جینۆساید لە سوید وداواشی کرد لە FN کە ئەو کارە بکات. هەروەها من وەکو ئەندامێکی ڕێکخراوەی چاک وکاندیدی پارتی چەپ بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی سوید یەکەم هەنگاوێکم ئەوەبوو کە داوام لە هاوکارەکانم کرد لە پەرلەمان کە دانیشتنێکمان لەگەڵ ئەندامانی تری پەرلەمان بۆ ساز بکەن بۆ زیاتر ناساندنی کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجە بە تایبەت مەسەلەی ١٨ کچەکەی کە بە میسر فرۆشراون. هەر بۆ ئەم مەبەستەش لە خۆ پیشاندانەکەی بەر سەفارەتی میسر پارتی چەپ تەنیا پارتێ بوو کە بەیانامەیەکی لەو بارەیەوە دەرکرد و ئەو کارەی مەحکووم کرد.

*** بۆ ئەوەی زەمینەی ئازادی تاکەکەسی بەرفراوان بێت چی بکرێت باشە ؟**

– بەڵێ دەتوانین، بەڵام هەروەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد بە مەرجێ کۆمەڵگەی کوردەواری بتوانێت لە داهاتوودا ببێتە کۆمەڵگەیەک کە مافی تاکەکەس دابین بکا هەروەها ئازادی قەڵەم و پێکهێنانی ئۆپنیۆن بە ڕەسمی بناسرێت و دیفاعی لێ بکا لە کەش وهەوایەکی ئاوهادا ئێمە دەتوانین باس لە کۆمەڵگەی مەدەنی کراوە بکەین.